


# کەسایەتیی ئافرەت دەشکێندرێت و تواناکانی دەشاردرێنەوە

**زۆرجار باسی ئەوە کراوە کە لە کۆمەڵگەی نەریتی کەسایەتیی ئافرەت دەشکێندرێت و تواناکانی دەشاردرێنەوە، یان باسی ئەوە دەکرێ کە کارەکتەر و کەسایەتی ئافرەت ناشیرین دەکرێ، کۆسپ و تەگەرەی زۆریشی لە بەردەم ساز دەکرێ، بێگومان کۆمەڵگەی کوردیش لەم پەتایە بەدەر نییە، بەڵام ئایا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە نەگریسە چ هەنگاوێک هەڵگیراوە و بۆ بنبڕکردنی چ ڕێکارگەلێک هەیە؟ ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ئەم بابەتە روون دەکاتەوە.**

چالاکوانی بەحرەینی زەینەب خەواجە، لەیەکێك لە نووسینەکانیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە ئافرەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەموو کەس زیاتر ڕووبەڕووی توندوتیژی جۆربەجۆر دەبنەوە، بە بڕوای ئەو چالاکوانە پیاوان هەوڵیان داوە تواناکانی ئافرەت بشارنەوەو زیاتر هەڵەی ئافرەتان زەق بکەنەوە، بۆ ئەوەی تاوانباریان بکەن و پێناسەیەکی ناشیرین بخەنە پاڵیان.

شوان عەزیز توێژەری کۆمەڵایەتییە و لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان هێما بۆ ئەوە دەکات ئافرەتان تا ئێستا لە ئاستی جیهاندا پێگەی خۆیان پێنەدراوە و بەردەوام پیاو پاش خۆی داوە، بەڵام زۆر گرنگە بۆ هەمووان وێنەیەکی زۆر جوان و دروستی ئافرەت بە جیهان پیشان دەن، نەك تەنیا وێنەیەکی نادروستی بۆ کۆمەڵگە بخەنەڕوو. گوتیشی «هەتا ئێستا ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و سەرجەم ئەو ئافرەتانەی لە پۆستە جیاوەکانی سیاسی و کارگێڕیدان، نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی سۆسیۆلۆژیانە کار لەسەر پرسی ئافرەت بکەن، هەروەها ڕاگەیاندنەکانیش ئەوەندەی باسی ئەوە دەکەن کە ئافرەتێك خۆی سووتاند، یان ئافرەتێك کاری لەشفرۆشیی دەکات، ئەوەندە باسی سیفەتە جوانەکانی ئافرەتان ناکەن، واتە بەداخەوە راگەیاندنەکانیش لەم رووە کەمتەرخەمن، چونکە نەیانتوانیوە ڕۆڵی گرنگی ئافرەتان بەرجەستە بکەن».

شوان جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەتا ئێستا لە کوردستاندا ڕووپێوێك بۆ ئەوە نەکراوە، تاوەکو بزانن ئافرەت، یان پیاو کامیان لە بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیدا سەرکەوتوو دەبن، بۆیە قسەکردن لەسەر دۆسیەکان بەبێ ئامار هەڵەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گوتی «زۆرجار گوتراوە ئافرەتان لە بڕیاردا لەپیاوان لەسەرخۆترن، کەمتر پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، لەڕووی کارگێڕیشەوە کەمتر پەنا بۆ گەندەڵی دەبەن، بەلام دەکرێت ڕووپێوێك بکرێت بۆ ئەو ئافرەتانەی کە لە پۆستەکاندان، بزانین کامەیان سەرکەوتوون و تاچەند نەکەوتوونەتە ژێرباری گەندەڵییەوە».

ئەنوەر کەمال مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و هۆکاری

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئەوەی کە کارەکتەر و کەسایەتیی ئافرەت ناشیرین دەکرێ، لە چەند خاڵدا دەستنیشان دەکات، لەوانە: «نەبوونی مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ئەو بارودۆخانەی کە بەسەر ئافرەتان هاتووە، هەروەها زۆر لە ئافرەتانیش هەتا ئێستا وەك پێویست نەیانتوانیوە کار بۆ ئەوە بکەن کە دۆسییەی ئافرەتان پیشان بدەن» .

ئەو مامۆستایە گوتی «ئەگەر لە پێگەی سیاسیی ئافرەتان لەهەرێمی کوردستان وردبینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە زۆرترین ڕێژەی ئافرەتان لە پۆستە باڵاکانن، لەکوردستان ئافرەتانی خاوەن پلە دەتوانن لە سیستەمی کارکردن نموونەیەکی جوان پێشکەش بکەن، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان ئافرەت پۆستی وەزیر، بریکاری وەزیر، ڕاوێژکاری وەزیریان هەیە و سەدان ئافرەتیش لە پۆستەکانی بەڕێوبەری گشتیدان، کە ئەم ڕێژە بە بەراورد بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر زیاترە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان چەندین ئافرەتمان هەیە، لە پۆستەکانی دەسەڵاتی دادوەرین و پۆستی دادوەر و لێکۆڵەرەوەی داد وداوکاری گشتییان هەیە، کە ئەمە لە وڵاتەکانی ناوچەکە هەستی پێناکرێت، بۆیە پێویستە ئەو ئافرەتانەی کە لە پۆستە باڵاکاندا کار دەکەن، بتوانن وێنەیەکی جوان لە دەسەڵاتی ئافرەتان پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە ئەوان لەپیاو زیاتر دەتوانن لە کێشەکان تێبگەن و چارەسەری بکەن، بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئافرەت و پیاو کامیان دەستپاکترن، ناتوانین بڕیاری کۆتایی بدەین، چونکە هیچ ئامارێکی دیاریکراو لەبەردەستدا نییە، کە ئاماژە بەوە بدات، ئافرەت لەپیاو دەستپاکترە».

لەلای خۆیەوە سەرنووسەری گۆڤاری سڤیل (بێستوون نووری ) سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە هەمیشە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەرکیان لەوەدا دەرکەوێت کە بتوانن دیاردە و ڕووداوەکان وەك خۆی و بەبێ دەستکاری بگوازنەوە، باسی لەوەشکرد کە کۆمەڵگەی کوردەواری لەم قۆناغەدا و لە سەرجەم بوارەکان هەنگاوی باشی بەرەو پێش بڕیوەو بەرەو کرانەوە و پێشکەوتنی زیاتر دەچێت، بێگومان لەکاتی کرانەوەی کۆمەڵگەشدا کۆمەڵێك ئایدیا و دابونەریت بەرەنگاری دەبنەوە، واتە جۆرە پێکدادانێکی شارستانی دروست دەبێت، بەهۆی ئەوەشەوە قەیران و کێشەی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەدا زۆر دەبێت».

بێستوون نووری سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەدای ئافرەتان لە جومگەکانی کۆمەڵگە ڕایوایە «ڕۆڵێکی زۆر باشیان» هەبووە، ئەوەش دەخاتەڕوو کە ڕاگەیاندن ئەرکی گواستنەوەی واقعە و گوتی «بێگومان لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا سەرەڕای بەهێزبوونی پێگەی ئافرەتان، بەڵام هەتا ئێستا ئافرەت لە هەندێك لەمافەکانی بێبەشەو ئافرەت هەتا ئەمڕۆش دەکوژرێت و توندوتیژی بەرامبەری بەکاردێت و هەوڵی ناشیرینکردنی دەدرێ، بەڵام لەهەمانکاتدا ئافرەت پۆست و پلە وەردەگرێت و بەشداری سیاسەت دەکات، ئافرەت لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش وەك پیاو کار دەکات، بۆیە بەجۆرێك دەتوانین بڵێین ئافرەتان ڕۆڵێکی زۆر باشیان لەبەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە هەیە، ئەمانە هەمووی هەنگاوی پێشکەوتوون و سوودبەخشن».

سەرنووسەری گۆڤاری سڤیل بە ئەرکی میدیا و ڕاگەیاندنی دەزانێت کە بەجۆرێك کار بکەن کێشەکان بەرەو چارەسەر ببەن، گوتیشی «باسکردنی کێشەکان لەلایەن ڕاگەیاندنەکانەوە پێویستە بە ئاراستەیەك بێت کە کێشەکان وەك خۆی بخرێتە بەرچاو بۆ ئەوەی لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، واتە کار بۆ ئەوە بکەن کە هەموو دیاردە چەوتەکان بەرەو چارەسەربوون بڕوات» .

هێمن عومەر توێژەری کۆمەڵایەتییەو سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «لەڕاستیدا ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارین و نامانەوێت بە هیچ شێوەیەك ئافرەت دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی پێ بدرێ، هەر بۆیەش ئەو باوکسالارییە سەرلەبەری کۆمەڵگەی بە لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ئابوورییەکەشی کۆنترۆڵ کردووە، پیاوان وایان لە بەرژەوەندایە کە ئافرەت بکەنە کۆیلەو ژێردەست و خزمەتکاری خۆیان و وەکو کەرەستە سوودی لێوەربگرن، نەك وەکو مرۆڤ، بۆیە ناشیرینکردنی ئافرەت بەلایانەوە کارێکی زۆر قورس نییە، بۆیە بەردەوام کچان و ژنان ڕووبەڕووی زۆر کێشەوگرفتی کۆمەڵایەتی دەکرێنەوە، تەنانەت ئافرەتان گەر داوای مافەکانی خۆشیان بکەن ڕێگەیان پێنادرێت و بەناوی عەیبەو شەرمەی کۆمەڵایەتییەوە دەمکوتیان دەکەن، بۆیە نەیانتوانیوە بێنە پێشەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن». هێمن جەختی لەوەش کردەوە کە «چارەسەرکردنی ئەو کێشانەو یەکسانبوونی جێندەری لە کوردستان روونادات». ئەو ڕایوایە «ئافرەتان تاوەکو دەست بە شۆڕش و ڕاپەڕین نەکەن و خۆیان سەرکردایەتییەکی مێینەیان نەبێت، ناتوانن مافەکانیان مسۆگەر بکەن». گوتیشی «بێگومان ڕێنیسانسی ئافرەتان پێویستی بە هۆشیارییەکی راستەقینە هەیە، نەوەکو هۆشیاریەکی فریودراو، کە وەکو لەدوای ڕاپەڕینەوە زۆرێك لە گەورەکچان بەناوی ڕێکخراوەو سەنتەرو دامەزراوەی ئافرەتانەوە لەژێر بیانووی کارکردن بۆ مافەکانی ئافرەت پارە لە حکومەت وەردەگرن، دواجار هەر خۆیان سەر بە هەوێ شوویان کردووە، یان خۆیان کردووەتە کۆیلەی پیاوێك بە زێڕو بە ماڵ، بۆیە زۆر گرنگە سەرکردایەتیکردنی ئەو ڕاپەرینە ژنانەیە هەڵقوولاوی ناخی ئافرەتان و داواکارییەکانی بێت».

**ئافرەتان تاوەکو دەست بە شۆڕش و ڕاپەڕین نەکەن و خۆیان سەرکردایەتییەکی مێینەیان نەبێت، ناتوانن مافەکانیان مسۆگەر بکەن**

**پیاوان هەوڵیان داوە تواناکانی ئافرەت بشارنەوەو زیاتر هەڵەی ئافرەتان زەق بکەنەوە، بۆ ئەوەی تاوانباریان بکەن و پێناسەیەکی ناشیرین بخەنە پاڵیان**

**ئافرەتان گەر داوای مافەکانی خۆشیان بکەن ڕێگەیان پێنادرێت و بەناوی عەیبەو شەرمەی کۆمەڵایەتییەوە دەمکوتیان دەکەن، بۆیە نەیانتوانیوە بێنە پێشەوە و بوونی خۆیان بسەلمێنن**

# سیستەمی پەروەردە تا چەند هەلی بۆ گەنجان رەخساندووە؟

بێگومان سیســتەمی پەروەردە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕۆڵی کاریگەری لە بەرهەمهێنانی گەنجی بەتوانادا هەبووە، لە هەرێمی کوردســتانیش خوێندنی گەنجان ئەنجامی ئەرێنی لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگەدا هەبووە و لە ئێستادا ژمارەیەک لە گەنجان پۆســتی باڵای ئیــداری و حزبی و ڕێکخراوەییان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانن بەرامبەر بە بەرهەمهێنانی گەنجی کارامە و بەتوانا «کەمتەرخەم»ی کــردووە، هەندێک جاریش ئەو کەمتەرخەمییە دەدرێتە پاڵ خودی گەنجان بەوەی کە پرۆســەی خوێندنی باڵا زۆر بە جــددی وەرناگرن. با بزانین بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان چۆن لەم هاوکێشەیە دەڕوانن؟



### سیستەمی پەروەردەوە بە بەرهەمنەهێنانی گەنجی بەتوانا تۆمەتبار دەکرێ

یەکێــك لەو بابەتانەی کە زۆرجار لە میدیـــای کوردیدا لە بواری پەروەردە بووەتە باســی بەر باسان، ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردەوە بە بەرهەم نەهێنانـــی گەنجی بەتوانا تۆمەتبار دەکرێ و جەختیش لەوە کراوەتەوە کە پەروەردە بە شێوەیەکی ورد و بابەتی و زانستییانە لەسەر چەمکی پەروەردەکردن و ئەرکەکانی بۆ دروستکردنی گەنجی بەرهەمهێن شیکاری و شرۆڤەی پێویستی نەکردووە تاوەکو بتوانێت بـــە پلاتفۆرمێك لەو بوارەدا ڕێژەی گەنجانی کارامە و بەتوانا بەرز بکاتەوە.

موحســین ئەرتیســی ئەندامی ســەرکردایەتیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێت «یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردســتان لە دامەزراندنیەوە تا هەنووکــە قوتابخانەیەك بووە بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی لاوانی کوردســتان لە هەموو بوارەکاندا، لە پەیــڕەو و پڕۆگرامی ئێمەدا هیــچ لایەنێکی ژیــان فەرامۆش نەکراوە، بەڵکــو بۆ هەموو بوار و لایەنەکانی ژیــان دەرگاکانمان والآیە بۆ ئەوەی گەنجانی کوردســتان تێیدا لەگەڵ ژیانی سەردەمدا ئاشنا بن و لە پێشکەوتنەکان دانەبڕێن. وەکو یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ بە شانازییەوە دەڵێین و سەربەرزین کە دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی ئەم قوتابخانەیە پێگەیشتوون و لە بواری جیاوازدا خزمەتی وڵات دەکەن و لە شوێنی بەرزدا ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبەن».

### ژمارەیەك لە گەنجان پۆستی باڵای ئیداری و حزبی و ڕێکخراوەییان هەیە

موحســین جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە هەرێمی کوردســتان خوێندنی گەنجان ئەنجامی ئەرێنـــی لە گشــت جومگەکانی کۆمەڵگەدا هەبووە و لە ئێستادا ژمارەیـــەك لـــە گەنجـان پۆستی باڵای ئیداری و حزبـــی و ڕێکخراوەییان هەیە، گوتیشی «ئێمە وەکو یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ڕ ە خســـا ند نی دەرفەتی خوێندن و دەوڵەمەندبوون بە زانست و پەروەردە و پێگەیاندنـــی گەنجی بەتوانا و کارامە هەمیشـــە لە ئەولەوییاتی ئەرك و ئامانجەکانمان بـــووە کـــە بـــەردەوام کار و خەباتمان لە پێناویدا کردووە، واتە خوێندن و پەروەردە و فێربوون و بەرەو پێشەوە بردنی هزری گەنجان لە هەموو ڕوویەکەوە یەکێك بووە لەو تەوەرانەی کە هەمیشـــە شـــوێنێکی بەرفراوانی گرتووە لە بەرنامەکانی ئێمەدا، چونکە ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە، زانین و زانســـت مۆمێکی گەشن و ڕێگەی ئێمە روون دەکەنەوە، بەبێ تیشـــکی زانست ڕێگەکان بەتاریکی دەمێننەوە و لە کاروانی ژیانی ســـەردەم دادەبڕێین، بێگومان بە دەستهێنانی زانســـت و زانیاری بەرەو ئاسۆیەکی گەشـــترمان دەبات و تێکەڵ بە جیهانـــی نوێمان دەکات، تاکو لەگەڵـــی بگونجێین بۆیـــە هیچ گەنجێك نابێـــت لەو بوارەدا کەمتەرخەمی بکات».

موحســـین ئەرتیسی ئەوەشی خســـتەڕوو کە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردســـتان لە زۆربەی شـــار و شـــارۆچکەکانی هەرێمی کوردســـتان ناوەندێکیان هەیە بەنـــاوی (ناوەندەکانی چالاکـــی و پێگەیاندنی لاوان) کـــە چالاکییەکانیان لە پێناو پێگەیاندنـــی لاوان دەبێـــت و بەردەوام لـــەو ناوەندانەوە خولی زمان دەکرێتەوە و ســـیمینار و وۆرك شـــۆپ ساز دەکرێت، کە دەبێتە هۆی پێگەیاندنی لاوێکی پڕچەك بە زانســـت و توانای بەڕێوەبـــردن و بە زانیاری دێتە مەیدان، گوتیشـــی «ئەندام و کادر و هەمـــوو ئەوانەی لـــە ئۆرگانەکانی ئێمەدا کار دەکەن، مۆڵەتیان پێ دەدرێت و هاریکاری دەکرێن، چ لە کوردســـتان، یان لە دەرەوەی کوردستان لە خولەکانی ڕاهێنان بەشدار بن، بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی وڵات و میللەتی خۆیان بکەن، هەروەها زۆر پێویستە کە پەروەردە بە شێوەیەکی ورد و بابەتییانە لەسەر چەمکی پەروەردەکردن و ئەرکەکانی بۆ دروستکردنی گەنجی بەرهەمهێن شیکاری و شرۆڤەی جددی بکات، تاوەکو بتوانێت بە پلاتفۆرمێکی زانســـتییانە لەو بـــوارەدا ڕێژەی گەنجانی کارامە و بەتوانا بەرز بکاتەوە».

### بیر کردنەوە لە دەرچوون و دامەزراندن گەنجی لە بەرهەمهێنان دوور خستۆتەوە

لەیلا عەلی عوســـمان توێژەری کۆمەڵایەتییەو هێما بۆ ئەوە دەکات کـــە زۆربـــەی قوتابیان وادەزانن ئەرکـــی ئەوان تەنیا دەرچوونـــە و زیاتر بایەخ بە نمـــرەی دەرچوون دەدەن و کەمتر گرنگی بە تواناکانی خۆیان دەدەن، واتا بیر کردنەوە لە نمرە و دەرچوون و دامەزراندن گەنجی لە بەرهەمهێنان دوور خستۆتەوە. گوتیشـــی «لەڕاســـتیدا قوتابییەك بەر لەوەی قوتابی بێت و بیەوێت لەقۆناغێك لە قۆناغەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، پێویســـتە بیر لەوە بکاتەوە کە کەسێکی بەرهەمهێن بێت، نەك تەنیا بیر لە بڕوانامەیەك بۆ دامەزراندنی بکاتەوە، ســـەبارەت بەوەش هەم سیستەمی پەروەردە و هەم حکومەت و هەم خێزان و هەمیش خودی گەنجیش لە دروستبوونی گەنجی بەرهەمهێن کەمتەرخەمییان کردووە».

### پێویستە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە سەرەتاوە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت

پســـپۆڕی پەروەردەیی عەلی عومەر سەعید، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا باســـی ئەوە دەکات کە «پڕۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردســـتان لەسەر بنەمایەکی زۆر ســـادە داڕێژراوە کە مرۆڤی بەرهەمهێن دروســـت ناکات، گوتیشـــی «ئەرکێکی زۆر گرنگی پڕۆگرامەکانی پـــەروەردە لەهەموو جیهاندا پێگەیاندنی کەســـایەتی و بـــرەودان بەتواناکان و پەروەردەکـــردن و فێرکردنە، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێســـتا هەســـت بەوەناکرێت کە توانرابێت لە



لەیلا عەلی:

**حکومەت و سیستەمی پەروەردە و خێزان و خودی گەنجیش لە دروستبوونی گەنجی بەرهەمهێن کەمتەرخەمییان کردووە**

هەورامان عەزیز:

**چاوەڕوانی ڕەحمەتی حکومەت ناکەم بۆ دامەزراندن و وەک دەرچوویەکی ئامادەیی پشەسازی بە ئاسانی دەتوانم بژیوی ژیانم دابین بکەم**

پرۆگرامەکانی حکومەتدا ئەم شتانە جێبەجێکرابێت». ئەو پسپۆڕە ئەوەشی روونکردەوە کە نەبوونی پلانی پەروەردەیی هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی هەتا ئێستا گەنجی بەرهەمهێن ژمارەیان کەم بێت، گوتیشی «سیستەمی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان درێژکراوەی ئەو سیستەمە کۆنەیە کە پێشتر حکومەتی عێراقی کاری لەسەر کردووە، ئەویش سیستەمێکی زۆر تەقلیدییەو کەسی بەتوانا دروست ناکات، چونکە ئەو سیستەمە تەنیا مروڤ وا لێدەکات بیر لەدەرچوون بکاتەوە، نەك وا لەگەنج بکات بیر لەداهینان و فێربوونی شتی نوێ بکاتەوە» .

ئەو پسپۆڕە پەروەردەییە لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە «پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن لە سەرەتاوە گۆڕانکارییان بەسەردا بێت»، نموونەشی بەوە هێناوە کە نەوەی سالآنی هەشتاکان تا سەرەتای دووهەزار گەنج تەنیا گرنگییان بەوە دەدا، کە هەرچۆنێك بێت بگەنە زانکۆ، دوای ئەوە بیر لەوە بکەنەوە کە کارێك بدۆزنەوە، چونکە بێکاری باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشابوو، ئەمەش وایدەکرد کە گەنج تەنیا بیر لەوە بکاتەوە کە دوای دەرچوون دابمەزرێت و کارێك بدۆزیتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە ئەو نەوەیەی گەنجان کە لە زانکۆکان بوون، هەستیان بەوە دەکرد کە هەلی کار زۆر بووەو ڕەنگە بتوانن هەر لەکاتی قوتابی بووندا کارێکیان دەست بکەوێت، ئەمەوایکردووە کەمتر بایەخ بە پەروەردەی زانستی خۆیان بدەن، ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستان لەچەند بوارێکی جیاوازدا هەلی کار زۆر بووە، بەڵام نەریتێك هەیە گەنجی بەتوانا دروست ناکات، لە لایەك بواری کارکردن زۆر بووەو گەنج حەزی لەکارکردنە، لە لایەکی دیکەش پرۆگرامی خوێندن نەیتوانیوە کەسانی بەتوانا بەرهەم بهێنێت، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێت، کە بتوانین لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن دروست بکەین».

### خوێندنی پیشەیی کۆڵەکەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە

عەلی عومەر خوێندنی پیشەیی بە کۆڵەکەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە ناو دەبات و دەڵێت «ئەگەر بە وردی سەیری ئاماری ئەو قوتابیانە بکەین کە ڕوودەکەنە خوێندنی پیشەیی، دەبینین ژمارەیان زۆر کەمە بە بەراورد بەو قوتابیانەی کە ڕوو دەکەنە خوێندنی زانستی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکومەت کارێکی وەهای کردووە، خەڵك گرنگی بەخوێندنی پیشەیی نەدات، لەکاتێکدا خوێندنی پیشەیی گرنگی خۆی هەیە و لە زۆربەی وڵاتان ئەو گرنگییەی بەخوێندنی پیشەیی دەدرێت، زۆر لەوە زیاترە کە بە زانکۆکان دەدرێت، چونکە دەرچووی قۆتابخانە پیشەییەکان زۆرتر دەتوانن پشت بە خۆیان ببەستن بۆ ئەوەی ژیان بۆ خۆیان دابین بکەن، بەڵگەشم لەوەدایە دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی ئۆتۆمبیلە کە دەتوانێت وەرشەیەکی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل دابنێت و دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەباش دەتوانێت وەك کەسێکی کارەباچی کاری خۆی بکات، بەبێ ئەوەی لەلای حکومەت ببێتە مووچەخۆر، یان دەرچوویەکی ئامادەیی نەخۆشیاری بەهەمان شێوە دەتوانێت کاری ئازاد بکات، یان دەرچوویەکی قوتابخانە ئایینییەکان دەتوانێت ببێتە پیاوێکی ئایینی و ژیانی خۆی بگوزەرێت، واتا دەرچووی ئەو بەشانە زیاتر و ئاسانتر دەبنە کەسانێك کە خۆیان بژێوی بۆ خۆیان دابین بکەن، نەك داوای هاوکاری لەحکومەت بکەن».

### کەرتی پەروەردەیی بەدەست نەبوونی کەسانی پسپۆڕ و بەتواناوە دەناڵێنێت

شێرکۆ کامیل قوتابی ماجستێر لەبواری فەلسەفە، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە حکومەتی هەرێم بودجەیەکی زۆری بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی تەرخان کردووە، بەڵام ئەم کەرتە ئامانجی خۆی نەپێکاوە، چونکە بەهیچ شێوەیەك نەتوانراوە بەسەر گرفتەکانی پرۆگرامەکاندا زاڵ بن، ئەمە بێجگە لەوەی کە کەرتی پەروەردەیی بەدەست نەبوونی کەسانی پسپۆڕ و بەتواناوە دەناڵێنێت، لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆر لەو کەسانەی کەکار لەبواری پەروەردەدا دەکەن، یان پیشەی مامۆستایەتییان هەڵبژاردووە، تەنیا مەبەستیان ئەوە بووە کە مووچەیەك و بڕێك دەرماڵە وەربگرن، نەك بۆ ئەوەی کە خۆیان بەهێز بکەن، ئا لەم قۆناغەدا کە مامۆستا خۆی خاوەنی زانیارییەکی زۆر نەبێت، ئیتر چۆن دەتوانێت کەسانی پسپۆڕ و شیاو پەروەدە بکات؟ ئەو کات ئێمە سەرکەوتوو دەبین بتوانین مامۆستایەکی بەرهەمهێن دروست بکەین، هەتا بتوانێت قوتابییەکی بەرهەمهێن دروست بکات».گوتیشی (بەداخەوە بەشێکی زۆر لە بەشە جیاوازەکانی خوێندن لە کوردستان لەسەر بنەمای ئارەزووەکان نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو نمرەیەیە کە قوتابی بەدەستی دەهێنێت) .

شێرکۆ کامیل ڕەخنە لەسیستەمی تواناسازیش دەگرێت و دەڵێت «ساڵانە حکومەتی هەرێم ڕێژەیەکی بەرچاو لە قوتابیان بە مەبەستی خوێندن ڕەوانەی دەرەوەی وڵات دەکات، کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و بودجەیەکی زۆر خەیاڵیش بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخانکراوە کە بە تواناسازی ناسراوە، بەڵام ئەو قوتابییانەی کە دەڕۆن لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن، هەتا ئێستا نەیانتوانیوە هیچ گۆڕانکارییەکی زانستی ئەنجام بدەن و تەنیا درێژەیان بەو نۆرمە تەقلیدییە داوە، بۆ نموونە سەدان قوتابی کورد ئەمڕۆ لە زانکۆکانی بەریتانیا دەخوێنن، بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە گۆڕانکاری بنەڕەتی لەبواری پەروەردەیی بکەن، تەنانەت زۆربەیان نەیانتوانیوە زمانە بیانییەکانیش فێربن و تەنیا کارییان لەسەر ئەوە بووە کە ئەوان هەوڵی دەرچوون لەبابەتەکان دەدەن» .

هەورامان عەزیز دەرچووی ئامادەیی پشەسازییە کە کاری کارەباچێتی دەکات، ئەوگەنجە جەختی لەوە کردەوە کە بەبێ ئەوەی حکومەت دایبمەزرێنێت، دەتوانێت بۆ خۆی بژێوی دابین بکات. گوتیشی «من چاوەڕوانی ڕەحمەتی حکومەت ناکەم بۆ دامەزراندن و وەك دەرچوویەکی ئامادەیی پشەسازی بە ئاسانی دەتوانم بژیوی ژیانم دابین بکەم، کەچی هاوڕێکانم کە دەرچووی زانکۆن ناتوانن هیچ کارێك بکەن و هەر چاولەدەستی حکومەت بۆ ئەوەی دایانبمەزرێنن و مووچەیەك وەر بگرن».

ئەو گەنجە بە پێویستی زانی حکومەت هانی قوتابخانە پیشەییەکان بدات، بۆ ئەوەی زیاتر گەنجی بەرهەمهێن و بەتوانا دروست بێت و کۆمەڵگەیەکی شیاو بنیاد بنرێت».



موحسین ئەرتیسی:

**پێویستە پەروەردە بەشێوەیەکی بابەتییانە لەسەر چەمکی پەروەردەکردن و ئەرکەکانی بۆ دروستکردنی گەنجی بەرهەمهێن شرۆڤەی جدی بکات و بتوانێت بە پلاتفۆرمێکی زانستییانە لەو بوارەدا ڕێژەی گەنجانی کارامە و بەتوانا بەرز بکاتەوە**



شێرکۆ کامیل:

**حکومەتی هەرێم بودجەیەکی زۆری بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژنیەوەی زانستی تەرخان کردووە، بەڵام ئەم کەرتە ئامانجی خۆی نەپێکاوە**

ئا: خەندە گۆران

# ئەو کچەی بە ناوی خۆشەویستییەوە فریو درا



زۆرجار ماڵ و سامان بۆ مرۆڤ و بەتایبەتی بۆ ئافرەتان دەبێتە مایەی ناخۆشی و کێشە، تەنانەت بەرەو پەتی سێدارەشی دەبات.

(سۆنیا) لە خێزانێکی دەوڵەمەند و خواپێداو بوو، (هێمن)یش لە خێزانێکی هەژار بوو کە بە ناوی خۆشەویستی زۆر هێمن و ژیرانە خۆی خزاندە نێو ژیانی (سۆنیا).

(هێمن) خۆشەویستێکی دیکەی هەبوو بەڵام بۆ ئەوەی دەستی بگاتە ماڵ و سامانی (سۆنیا) ماوەیەك خۆی لە خۆشەویستەکەی دوور خستەوە، تاوەکو بگات بەو ئامانجەی کەوا پیلانی بۆ دارِشتبوو، هەر چەندە ئەم دوو خێزانە لە هەموو روویەکەوە زۆر لە یەکتری دوور بوون، هەر لە بەر ئەم هۆیەشەوە باوکی (سۆنیا)، (هێمن)ی رەتکردبووەوە و بەو هاوسەرگیریە رازی نەدەبوو، بەڵام (هێمن) کە ئەوەی زانی و زانی تاوەکو باوکی (سۆنیا) مابێ مەحاڵە ئەم پیلانەی سەر بگرێ، بۆیە هەوڵیدا بە هەر جۆرێك بێت، باوکی (سۆنیا) لە گۆڕەپانەکە دوور بخاتەوە، بۆیە بە بەردەوامی بەدوایەوە بوو، بۆ ئەوەی ئەم پیاوە بە دەردێك بەرێ، لای (سۆنیا)ش خۆی بە کوڕێکی دڵسۆزو خەمخۆری ئەم بنەماڵەیە دانابوو، تاوەکو رۆژێك باوکی (سۆنیا) لە رێگایەك دەبینێ و هەلی بۆ دەڕەخسێت و لە پێش ئۆتۆمبێلەکەی زۆر ئەم لاو ئەو لا دەکات، تاوەکو وەریگێڕێ، لە ئەنجامداش وای لێدەکات و باوکی (سۆنیا) دەبرێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن و باری تەندروستی باش نابێت و (هێمن)یش لە بەر چاوی (سۆنیا) ئەو کوڕە دڵسۆزە و خەمخۆرەی جارانە و بگرە زیاتریش، دوای مانەوەی باوکی (سۆنیا) بە چەند رۆژ لە نەخۆشخانە باری تەندروستی بەرەو خراپتر دەچێ و دکتۆرەکان پێیان باشترە هەرچی زووە بگەیندرێتە دەرەوەی وڵات، چونکە چارەسەری لێرە ناکرێت، ئەوە بوو باوکی (سۆنیا) بۆ چارەسەری رەوانەی دەرەوەی وڵات کرا و گۆڕەپانەکە بۆ (هێمن) چۆڵ بوو، ئەویش ئەوەی هەیبوو لە فێڵ و تەڵەکەبازی بە ناوی خۆشەویستی هەمووی بۆ (سۆنیا) دارِشت و ماوەیەك بەمجۆرە مانەوە ئینجا ژیانی هاوسەرگیرییان پێکهێنا، لە بەر ئەوەی (سۆنیا) تاقانەی باوکی بوو بۆیە ئیشوکارەکانی باوکی بۆ ئەم مابۆوە و ئەویش لە هاوسەرە دڵسۆزەکەی زیاتر دەبێ کارەکان بەکێ راسپێرێت؟ ئەم کوڕە بەم جۆرە بووە خاوەن کۆمپانیاو رۆژانەش بە فێڵی ئیش بڕە پارەیەکی باش بە (سۆنیا) پڕدەکردەوە، بەم جۆرە (هێمن) پارەیەکی زۆری دەستکەوت و ئەو کچەشی هێنا کەوا پێشتر خۆشی ویستبوو، بێ ئەوەی (سۆنیا) ئاگای لێبێت، ماڵی بە پارەی (سۆنیا) بۆ پێکهێنا و ئینجا دەستی کرد بە بیانووی دیکە گوایە ئیشەکانی لە شوێنەکان نارِوات، چونکە وەکالەی نییە و پێویستی بە وەکالەیە و ناتوانێ بۆ هەر ئیشێکی بچووك بێت بەدوای (سۆنیا)دا، ئەم قسانە و چەندی دیکەی لەمجۆرە (سۆنیا)ی ناچار کرد کەوا وەکالەی گشتی بۆ بکات و تاوەکو بە تەواوەتی دەست و دەمی بخاتە نێو سامانەکەی و بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوتی پێ بکات، تەنانەت زۆریشی لەو ماڵ و موڵکانە خستە سەر ناوی ژنەکەی و دوای ئەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ (سۆنیا) گۆڕا و هەر ئەو کوڕە باشەی جاران نەما و رۆژانە مەهانەی بە (سۆنیا) دەگرت و تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لێشی بدات، بەڵام (سۆنیا) بەڕاستی (هێمن)ی خۆشدەویست، بێ ئاگاش بوو لەو هەموو پیلان و فێڵبرییەی کەوا لێی کراوە، دوای ئەوەی گومانێك لای دروست دەبێت، (سۆنیا) بڕیار دەدات لەمەودوا خۆی سەرپەرشتی کارەکانی کۆمپانیا بکات، کاتێکیش دەچێت بۆ کۆمپانیا چاوی بە خۆشەویستە کۆنەکەی (هێمن) دەکەوێت و پرسیاری لێ دەکات، تاوەکو بزانێت بە چ سیفەتێك لەو شوێنەیە و ئەویش زۆر بێویژدانانە هەموو قسەکانی بۆ دەکات، تەنانەت لە کۆمپانیای باوکیشی دەری دەکات، (سونیا) بە پەلە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و لەگەڵ (هێمن) دەبێتە شەڕیان و ئەویش باسی ناپاکی خۆی بۆ دەکات و بەدەم جنێودان، پێشی دەڵێت کە ئەو وای لە باوکی کردووە بۆ ئەوەی لە گۆڕەپانەکەی دوورخاتەوە، پێشی رادەگەیەنێ کەوا ئێستا نە بە خۆی و نە بە باوکی خاوەنی هیچ نین و کۆمپانیاکەشی خستۆتە سەر ناوی ژنەکەی و دایکی منداڵەکەی کەوا لە سکیتی و لە دوارِۆژدا ناوی هەڵدەگرێ و بە (سۆنیا) دەڵێت: هەرچی زووە برِۆ دەرەوە، ئەگینا بەشەق فرێت دەدەمە دەرەوە، دادەنیشێت و دەمانچەکەشی لە سەر مێز لە تەنیشتی دادەنێت، لەو دەمەدا تەلەفۆنێکی بۆ دەکرێت و لە شوێنی خۆی هەڵدەستێت و کەمێك دوور دەکەوێتەوە، (سۆنیا)ش بە دەرفەتی دەزانێت و پەلاماری دەمانچەکە دەدات، و پێی دەڵێت: بەداخەوە مرۆڤی بێویژدان و درِندەی وا لە نێو ئەم کۆمەڵگەیەدا هەیە، پێتوایە ئیتر هیچم لەدەست نەماوە، راستە گەر سکاڵای یاساییش تۆمار بکەم، هیچم بۆ ناگەڕێتەوە، تەنیا خۆماندووکردن و سەرئێشە دەبێت، بەڵام دەکرێ کۆتایی بە فێڵەکانت بێنم، ئیتر دەمانچەکە چەند فیشەکێکی لێ بەتاڵ دەکات و (هێمن) دواهەناسەی دەدات و (سۆنیا)ش تووشی گرتووخانەو سزای یاسایی لەسێدارەدان دەبێت.